**Komalapartiet Scandiaviska Committen 2005-09-28 komalaparty Iran Kurdistan**

---

# ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە هۆنەرمەنی دەگمەن و خۆشەویستی کوردستان مەرزیە فەریقی

هەوالی مەرگی ناوادەی مەرزیە لە سۆئد وەک خەمێکی قورس هەرەسی کردە سەر دڵان. ئەم کارەساتە بەواتەی کۆژانەوەی یەکێک لە درەوشاوەترین ئەستێرەکانی ئاسمانی مۆسیقای کوردی بوو. مەرزیە یەکێک لە هۆنەرمەندە دەگمەنانەیە کە نزیکەی سی ساڵ لە تەمەنی 47 ساڵی خۆی لە ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاری گەلی کورد، بەتایبەت ژنانی کوردستاندا بەخت کرد. مەرزیە ئەو هونەرمەندە کەم وێنەیە بو کە بە دەنگی زوڵاڵ و سروودە شۆڕشگێڕانەکانی دڵ و ڕۆحی خەڵک و پێشمەرگەی دەهێنایە جۆش و ورەی ئازادی و ئازادیخوازی لە ناو ریزەکانی شۆرشدا بەرز رادەگرت.

پاش مەرگی مەرزیە ، ڕۆژی یەکشەممە 18 ی سپتامبر رستورانی مۆزاییک لە نزیکی ماڵەکەی لە شاری ستۆکهۆڵم، بۆ بە شوێنی سەردان و هاوخەمی دەربڕینی خەڵک بۆ بنەماڵەکەی. لە ڕۆژانی رابردوودا کۆمەڵێکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتوی سۆئد لەو شوێنە سەردانی هۆنەرمەندی شۆڕشگێڕ کاک ناسر رەزازی هاوسەری مەرزیە و منداڵەکانی و خۆشک و براکەیان کرد.

ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لەم هونەرمەندە نەمرە، ئەم مەشخەڵی خۆشەویستی و شادیە، ڕۆژی یەکشەممە 25 سپتامبر لە سالۆنی گلوبن لە شاری ستۆکهۆڵم کە یەکێک لە گەورەترین سالۆنەکانی سۆئدە بەڕێوەچوو. سالۆنەکە بە وێنەیەکی گەورەی مەرزیە کە وەکوو هەمیشە بزەی لە سەر لێو بوو و لە لایەن بەشدارانەوە ئاوێتەی چەندین چەپکەگوڵی ڕێز و خۆشەویستی و تاسە کرا بوو، رازا بووەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە دەقەیەک بێدەنگی کە لە لایەن هاوڕێ شەهینی شەهلایی بەڕێوەبەری بەرنامەکەوە راگێندرا، دەستی پێکرد. بێدەنگیەکە بە پارچەیەک مۆسیقا لە لایەن هاوڕێ فەریبۆرزی فەخاری ەوە شکا. پاشان بروسکەی ماتەمینی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرۆکی عەراق خوێندرایەوە، ڕێوڕەسمەکە بە بروسکەی بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان درێژەی پێدرا، دواتر بروسکەی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سۆئد خوێندرایەوە، پاشان هاوڕیی بەڕێز بەدری تەوحیدی بروسکەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی پێشکەش کرد. لەم بەشە دا چەند حزبی سیاسی تر لە بەشە جوراوجۆرەکان کوردستانەوە بروسکەی خۆیانیان خوێندەوە. پاشان لە بەر نەبونی کات ئەو لایەن و ڕێکخراو و کەسایەتیانەی کە بروسکەیان ناردبوو تەنها ناوەکانیان خوێندرایەوە.

بەشی دوهەمی ڕێوڕەسمەکە کە بریتی بوو لە بەرنامەی هۆنەری کە بە بەشداری ژمارەیەک لە ناسراوترین هۆنەرمەندانی کورد لە سۆئد دەستی پێکرد. لەم بەشەدا هۆنەرمەندان بە دووپاتکردنەوەی چەن گۆرانی لە گۆرانیەکانی مەرزیە ڕێزیان لە یادی گرت.
هۆنەرمەندی ناسراو و خۆشەویستی گەلی کورد کاک ناس ڕەزازی هاوسەری مەرزیە، لە وتەیەکی پڕلەهەست دا تیشکی خستەسەر چەن قەترە لە دەریای ژیانی هۆنەری و سیاسی مەرزیە و سپاسی هاوخەمی خەڵکی کوردستانی کرد. پاشان دڵنیا ڕەزازی کچی مەزیە و کاک مەسعود فەریقی برای، هەرکامەیان لە وتەیەک دا وێڕای سپاسی هاوخەمی خەڵکی کوردستان، تۆزێک لە سەر کاریگەریەکانی مەرزیە لە سەر ژیانی خۆیان دوان. دواتر لەیلا فەریقی هۆنەرمەندی ناسراوی کورد و خۆشکی مەرزیە ، خەمەکانی بە دەنگی بەسۆزی و بە خوێندنی یەکێک لە گۆرانیە دڵخوازەکانی مەرزیە، دەربڕی.
لە درێژەی بەرنامەکەدا ژمارەیەکیتر لە هۆنەرمەندانی کوردستان لەوانە کاک نەجمەی غولامی هاوسەنگەر و هاوڕێی دێرینی مەرزیە و کاک ناسر، بە خوێندنی یەکێک لە گۆرانیەکانی مەرزیە، یادیان بەرزڕاگرت.
لە بەشی کۆتایی بەرنامەکەدا چەن شعرێک لە شاعرە ناسراوەکانی کوردستان لەوانە مامۆستا شێرکۆ بێکەس ، مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو و مامۆستا ناسر حسامی خوێندرایەوە.
لەم ڕێورڕەسمەدا زیاتر لە 3000 دڵی خەمبار بەشدار بوون کە بە باری قورسی خەمی لەدەس چوونی مەرزیەوە، هاتبوون تا مۆمی 6000 چاوی پڕ لە فرمێسکی تاسە و حەسرەت بۆ ماڵئاوایی لە هۆنەرمەندی خۆشەویست و شۆڕشگێڕی کورد کە بەشی هەرەزۆری ژیانی خەریکی خەبات بۆ ئازادی و بەرەنگاری لە مافەکانی ژنان و منداڵانی کوردستان بوو، داگیرسێنن.

یاد و بیرەوەری مەرزیە فەریقی بێگۆمان بۆ هەمیشە لە دڵی گەلی کورد دا زیندو و بەرزە.

بەڕێزە یادی ئازیز و خۆشەویستی
کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤیای کۆمەڵە

---

**Tel+fax : 0046 31 3308048 E.mail : kmsk2004@hotmail.com**
**Adress : Box 101 post nr 424 23 Angered Göteborg Sweden**


2002/01/02


Globe Arenas Stockholm




Estêrey helkişawî
asmanî hunerî kurdî








Estêrey helkişawî
asmanî hunerî kurdî








Estêrey helkişawî
asmanî hunerî kurdî








Estêrey helkişawî
asmanî hunerî kurdî

